# دێتەوە یادت؟ ... سەربەستی

sar_basti@yahoo. com

دێتەوە یادت؟
شەرم و شەرمنی
یەکەمین ڕۆژی ئاشنای،
ها،  ئاخۆ دێتەوە یادت
یەکەمین ووشەت، یەکەمین پرسیارت
باری دەرونی یەکەمین شەوی دەردی ئەوینیت
سادەی و ئاسودەی دووهەمین ژوانت!؟
* * *
بیرتە، دەتگوت و دەتپرسی
کە پەیامبەرێک کوڕەکەی دەکردە قوربانیی
بڕوا و خوواوەندی،
ئەی تۆ چی دەکەیەتە قوربانیی
ئەوین و هەڵبژاردەکەت؟
بیرتە کە منیش دەمگووت
شەوانی سپی بێ "وەنەوز"ە،
تا بەری ئەوبەری کازێوە.
* * *
دیێتەوە یادت؟
کە لە ڕۆژی هەڵهاتنی ئەوینی ئەوکاتەی من و تۆدا،
کوڕە جەربەزەکانی ناوچەکە،
هاتنە سەر شارەکە
لولەی توفەنگەکانیان بۆکردینە لالە
شەوی ئەو ڕۆژە مەزنەمانیان کردە چراخان
سامی یەکێ لە شەوە هەرە دریژەکانی ژیانمان
سامی یەکێ لە شەوە سامناکەکانی ئەو کاتەی شاریان شکاندین!؟
* * *
ئای. . . ئەی دێتەوە یادت؟
ئاڵۆزیت و، ئاڵۆزی و نا لەباری ڕۆژی جودایمان
یادتە؟. . . . کە لە نەگبەتی و دەردی لێک بوونمان،
ئێوارەی ئەو ڕۆژە سارد و ڕەشە
پۆلێ فریشتەی خۆپیشاندەری شارکە
نێردرانە سیخوڕخانەکە
و، شۆکیش بووە میوانی بانگنەکراوی سەرتاپای ئەو شەوەی شارەکە؟
* * *
ئێستا کە ئەو ئەوینە گوناە و دێرینە
لەو تەمەنە بێ گوناهییەی ئەو کاتە

بە شیرینی و بە تاڵییەکەیەوە
بە پەسەندکرنی و بە ناپەسەندکردنییەوە
بە بەداخ بوون بۆی یان بە فەرامۆشکردنی و بە لەبیرکردنیەوە
سەرجەم، لە دوکەڵی سپی و خۆڵەمێش بە ولاوە
چیتری نەماوە
ئێستا کە هەر چییەک بووبێ و بوو
لە تۆوە بوو
یان لە منەوە بوو
هەر هەموی بەسەرچوو
ئەوەی ماوە و نەچوو
وەک تاشەبەردی پێکهاتوو،
لە چیای بە ئاسماندا چوو
تەنها یادەکانە
دێنەوە یادت
ئەو هەموو یادە؟